

نـــەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەم ڕاپۆرتە تایبەتەی (گوڵان) دا باس لەو پرۆژەو کارانە دەکات کە لەماوەی ئەمســـاڵدا لەپارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت بەتایبەتی پرۆژەکانی ئاوو کارەباو ئاوەڕۆ، بەڕێزیان ڕایگەیاند ســـەرەڕای ئەو بودجە کەمەی پەرەپێدان کە لەبەردەســـتیدایە، بەڵام پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکە هەژارنشـــین و میللییەکان لەڕیزبەندی پێشـــەوەی کارەکانی دا دەبێت. هەروەها بەڕاشکاوانە قسەی لەسەر جۆرەهـــا پرســـی تری تایبەت بەبوارەکانی شـــارەوانی و ڕێگاوبان و نیشـــتەجێبوون و تەندروستی و پەروەردە کرد ؛ لێرەدا لەچوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتەدا پوختەی وەڵامەکان بۆ خوێنەران بڵاودەکەینەوە.



**٧٠٠ شوقە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت لەجێبەجێکردندایە**

**نەخۆشخانەیەکی گشتی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی دروست دەکرێت**

**١٢ وێستگەی مۆبایلی کارەبا دادەنرێت**

### پارێزگاری هەولێر بۆ (گوڵان):

# هەردوو پرۆژەی ئاوی ئیفراز (٤) و ئاوەڕۆی ئاوی قورس دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت

## بڕیارە یاریگایەکی نێودەوڵەتی ٤٠ هەزار کەسی و شاری یاری دروست بکرێت

### ئەو پرۆژانەی هاووڵاتییان پێویستیانە

لەساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٩ پارێزگای هەولێر لەسەرجەم سێکتەرەکانی ژیان بەراورد بەپارێزگاکانی تری کوردستان و عێراق سەرکەوتنی بێ وێنەی تۆمارکردووە، تەنانەت پارێزگاری ئەم شارە وەکو کەسێکی ئیداریی و تەکنۆکرات لەپەیمانگای پێگەیاندنی سەرکردە جیهانییەکان لە زانکۆی تەفت لە بۆستنی ئەمەریکا ڕێزی لێنرا، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەگرنگترین ئەو پرۆژانە کرد کە ئەمساڵ لەڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارە خزمەتگوزارییەکانی دەبێت لەمبارەیەوە وتی: کابینەی حەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەر هەمان ئەو بەرنامەو کارانە دەڕوات کە لیستی کوردستانی لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ڕایگەیاندووە، ئەوەی پەیوەندی بەبواری خزمەتگوزاری هاووڵاتیانی هەولێرو ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ و پێویستەوە هەبێت جێبەجێ کراوە، ئەمەش لەڕێگای شێوازێکی کارکردنی باشەوە کە بودجەی پەرەپێدانمان لەبەردەستدایەو لەڕێگای تیمێکی خزمەتگوزارییەوە کە هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی شاری تێدایەو هاوکاری و یارمەتیدەریانین . بودجەی پەرەپێدان لەپارێزگا ساڵانە بەچەند قۆناغێك دێت و کاری جیدی لەسەر دەکەین، لەناو ئەم بودجەیەدا ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە خواستی هاووڵاتیانی لەسەرە لەڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکان دێت، هەربۆیە زۆر جەخت لەسەر ئاوو ئاوەڕۆ و تۆڕی کارەبا و ڕووناککردنەوەو شەقام و کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك و دروستکردنی بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەو قوتابخانە و باخچە و یاریگای وەرزشی و پاراستنی سەرووماڵی هاووڵاتیان دەکەینەوە. لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لە تەواوی پارێزگاکەدا پێوەرێکی ترمان هەیە، بۆ نموونە لە قەزاو ناحیەکان ژمارەی دانیشتووان پێوەرە،

**گرفتی کەمئاوی لەڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر بەتەواوبوونی پرۆژەی ئاوی ئیفراز٤چارەسەر دەبێت**

**ئەولەویاتی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەمساڵ بۆ گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکانە**

جگە لەمەش لەگەڵ سەرۆکی یەکەی ئیداریی قەزاکان دادەنیشین و ڕیزبەندی پرۆژەو کارەکانیان دیاری دەکەین تاوەکو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی ترەوە وەزارەتەکانیش پلان و بەرنامەیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان هەیە، هەربۆیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی شاری هەولێر دادەنیشین بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ڕێگای وەزارەتەکانیانەوە ڕیزبەندی بەو پرۆژانە بدەن کە ڕاستەوخۆ هاووڵاتییان پێویستیانە، بۆ نموونە کاتێك لە وەزارەتی شارەوانی جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٤ لەڕیزبەندی پێشەوەی پرۆژەکان دانراوە، لەو واقیعەوە هاتووە کە زۆربەی ناوچەکانی (( ڕۆژهەڵاتی هەولێرو باشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر بەئاراستەی ڕێگای کۆیەو کەسنەزان و بنەسڵاوەو دارەتوو و سێبەردان و هەولێری نوێ و ناوچەی شاوەیس و مەلائۆمەر))، لە هەر هەموو ئەم ناوچانەدا گرفتی دابەزینی ئاوی ژێر زەویی هەیە و ئاوەدانکردنەوەیەکی زۆر خێراش بە ئاڕاستەی ئەم ناوچانە هەیە و ئەو شوێنانەش دەبێتە شوێنێکی زۆر چڕی نیشتەجێبوون، هەر بۆ نموونە تەنیا لەکەرتی ٨ی حەسارۆك کە هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە ١٦ هەزار پارچە زەویی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت. هەر بۆیە بەتەواوبوونی پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ ئەو کێشەیەمان چارەسەر دەبێت، ئەم پرۆژەیەش دیزاینی ڕاگەیەنراوەو بۆتە تەندەرو ئەم ساڵ دەچێتە ناو بەرنامەو بواری جێبەجێکردنەوە.

### پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورس

سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی قورس کە سەرەڕای ئەوەی ماستەرپلانەکەی ئامادەیە، بەڵام دواکەوتنی ئەم پرۆژەیە گلەییەکی زۆری لەسەرە پارێزگاری هەولێر وتی: ئەمساڵ بەشی یەکەمی پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێر جێبەجێ دەکرێت، پرۆژەکەش تەنیا دروستکردنی ئاوەڕۆی ئاوی قورس نییە، بەڵکو یەکەی چارەسەرکردن و پاڵاوتنیشی لەگەڵدایە کەتێچوونی کۆتایی پرۆژەکە نزیکەی ملیارێك دۆلار دەبێت، ئەم پرۆژەیەش لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەیە کە بۆ پەرلەمان ڕەوانەکراوە.

### گرفتی دابەشکردنی کارەبا

بەو پێیەی هەولێر پایتەختەو بەشێوەیەکی زۆر فراوان و خێرا گەورە دەبێت، هەربۆیە گلەیی و ڕەخنەکان لەبواری دابەشکردنی کارەبا هەر ماوە، لەمبارەیەوە نەوزاد هادی وتی: بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی پێوانەیی زیادیکردووە، دەرئەنجام پاڵەپەستۆ لەسەر تۆڕەکانی کارەباش زیادی کردووەو کێشەمان لەدابەشکردنی کارەبا و تۆڕی کارەبای گەڕەکەکان هەیە، هەربۆیە لە بودجەی ٢٠١١ پشکی شێر بۆ وەزارەتی کارەبا بووەو لە هەولێر بودجەیەکی باش بۆ ئەو وێستگانە دانراوە کە ئێستا ئیحالە کراوە، یەکێکیش لەو پرۆژانەی کە دەمانەوێت بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، بریتییە لە دانانی ١٢ وێستگەی مۆبایلی کارەبا کە کاریگەری باشی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی پاڵەپەستۆی سەر وێستگەو تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، هاوکات لە بەرنامەو کارەکانی تری ڕاکێشانی کارەبا بۆ گوندو گەڕەکە نوێیەکان و نوێکردنەوەی تۆڕەکان و دانانی ئینارە بەردەوام دەبین.

### گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان

سەبارەت بە گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان پارێزگاری هەولێر وتی: بۆ گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان چەندین پرۆژە ئەنجامدراوە، ئەگەر سەیرێکی ناوچەی مامزاواو قەتەوی و بنەسڵاوەو دارەتوو و کەسنەزان و کەورگۆسك و کانی قرژاڵەو خەبات و گەڕەکی باداوە بکەین ؛ خزمەتگوزارییەکی زۆر لەبواری قیرتاوکردن و ئاوو کارەباو کۆنکرێتکردن و قوتابخانەو یاریگا جێبەجێ کراوە و لە تۆڕەق و حەسارۆك و سێبەردان کە گوند بووینەو ئێستا هەر یەکەو نزیکەی ٣٠٠٠ ماڵی تێدایەو خزمەتگوزارییەکی باشیان بۆ ئەنجامدراوە، ئەمساڵیش بە بەردەوام جەخت لەسەر گەڕەکە میللیەکان دەکەینەوە،

**هەوڵی ئەوە دەدەین بەزووترین کات سەنەد بۆ ئەو پارچە زەوییانەی کە تا ئێستا کارتن دەربهێنرێت**

هاوکات لــە قــەزاو ناحیەکانیش جەختمان لەســەر پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان کردۆتەوە بــۆ نموونە لەکۆی ٣٤ گــەڕەك لە قەزای ســۆران زۆربەیان کۆڵان و شــەقامەکانیان قیرتاوکــراوە و گەڕەکەکانی تری کە ماون پڕۆژەی قیرتاوکردنیان لەژێرجێبەجێکردندایە، لــە ڕەواندزو چۆمان و قەســرێش کۆڵان و شەقامی ناو گەڕەکەکان کۆنکرێت دەکرێن، هەروەها لەناحیەی ســیدەکانیش کارەبا بۆ هەموو گوندەکانی چووەو چەندین تونێلیش وەکو تونێلی ( سەڵاحەدین و ڕێگای کۆڕێ و قەندیل ) بۆی هەیە لە ٢٠١٣ تەواو بێت. هەروەها لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان جیــاوازی نێوان گەڕەکەکانــی ناو هەولێر ناکەیــن، بەڵام بەحوکمی ئــەوەی گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان پێشتر فەرامۆشکراوەو لەخزمەتگوزارییەکان کەموکوڕی بەرچاویان هەبووە بۆیە زیاتر پێویستیان بەپڕۆژە هەیە.

**پڕۆژەی تونێلەکانی(سەڵاحەدین و ڕێگای کۆڕێ و قەندیل) بۆی هەیە لە ٢٠١٣ تەواو بن**

### خاوێنکردنەوەی شارو کارگەی ڕیسایکلین

سەبارەت بە خاوێنکردنەوەی شارو هۆکاری دواکەوتنــی دانانی کارگەی ڕیســایکلین پارێزگاری هەولێر وتی: ماوەیەکە لە هەولێر لەڕووی خاوێنکردنەوە هەنگاوی باش نراوە و بەپێی بەرنامەیەك شــارەکەمان بەسەر ٦ شــارەوانی دا دابەشکردووەو مەرجمان داناوە کــە هیــچ کۆمپانیــاو بەڵێندەرێك مافی ئەوەی نەبێت ٢ شــارەوانی زیاتر وەرگرێت، ئەمەش وایکرد پاککردنەوەی شاری هەولێر و هەڵگرتنەوە و فڕێدانی زبڵوخاشاك بەسەر ٤ کۆمپانیا دابەش بێت، ئومێدیشمان زیاترە کە تەواوی کەموکوڕییەکان چارەســەر بێت، بۆ ئەم مەبەســتەش بەبەردەوام چاودێری و بەدواداچوونــی کارەکان دەکەین و ڕێنمایی بەکۆمپانیاکان دەدەیــن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێرڤــی خاوێنکردنــەوەی شــاری هەولێر لــە بەرزبوونەوەدایــە. مەســەلەی دانانی ٢ کارگــەی ریســایکلین کە بڕیــار بوو لەڕۆژهــەڵات و ڕۆژئاوای هەولێر دانرێت، بەداخــەوە ئــەو کۆمپانیانــەی لەمبوارەدا هاتوونەتە پێش لەکارەکانیاندا ســەرکەوتوو نەبوون و کارەکە بەرەوپێشــەوە نەچووە، بۆیە پێویســتە لەڕووی یاساییەوە ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنانە هەڵبووەشــێنرێتەوەو دووبارە بانگەواز بکرێتەوە تاوەکو کۆمپانیای بەتوانا کارەکە لەئەستۆ بگرێت.

### پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون

پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆری لەســەرەو ئەو پڕۆژانــە نەیانتوانیوە کێشــەی نیشــتەجێبوون چارەســەر بکەن، بڕیاریش وابــوو پڕۆژەیەکی ٨ هەزارخانوو بۆ کەمدەرامەتەکان دروســت بکرێت، بەڵام ئەم پڕۆژەیەش دواکەوت؛ لەمبارەیەوە نەوزاد هادی وتی: پڕۆژەی دروستکردنی ٨ هەزار خانوو هێشــتا پڕۆسەی ئامادەکردنی ماوەو کاتێك تەواودەبێت ڕادەگەیەنرێت بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینەکان دەبێت، هەروەها لەســەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش لەنێوان بنەســڵاوەو دارەتــوو نزیکەی ٧٠٠ شوقەمان هەیەو لەقۆناغی جێبەجێکردندایە کە بەهەمانشێوە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینەکانە. لەلایەکی دیکەوە لەسنووری پارێزگای هەولێر زیاد لە ١٠٠ هەزار پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەران دابەشکرا بوون کە تا ئێستا ســەنەدی نەدراوەو ئەو زەوییانە بە کارت ماونەتــەوە، ئەم کارە ماوە و ئیشــی زۆر پێویســتە و زۆریش کاریش لەسەر ئەو سەنەدانەکراوە و ئێستا لەگەڵ لایەنی تری پەیوەندار لە هەوڵ و ئیش داین کە مامەڵەی ســەنەدو تاپۆی ئەو زەویانــە تەواو بکەین، هەروەها لێرەدا خاوەنی ئــەو زەوییانە دڵنیا دەکەمەوە کە سەرجەم کارتەکانی تایبەت بەو پارچە زەوییانەی کە تاپۆ نەکراون وەکو تاپۆ وایە.

### کەرتی تەندروستی

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی کە سەرەڕای ئــەو هەنگاوانەی نراوە، بــەڵام بەبەردەوام هاووڵاتیــان گلەیــی و ڕەخنەیــان زۆرە؛ پارێزگاری هەولێر وتــی: ئەگەر ژمارەی نەخۆشــخانەکان بــەراورد بکرێــت بەپێی ئەو ژمــارە زۆرەی دانیشــتووانی هەولێر ئــەوا ژمارەی نەخۆشــخانەکان کەمە، ئەو نەخۆشــخانانەی کە پێشتر کراوە بۆ نموونە

**لەدامەزراندنی کارگەی ریسایکلین سەرکەوتوو نەبووین**

**کەموکوڕی لەسەنتەرەکانی منداڵانی ئۆتیزم و نابینایان و مەنغولی و کەمئەندامان هەیە**

ئــەوەی لەنەخۆشــخانەکانی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات کە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ ڕێکخراوی کۆیــکای ژاپۆنی کردوویەتی و ئــەوەی فریاکەوتنی ڕۆژئــاوا کە ئێمە وەکو پارێزگا لەســەر بودجــەی پەرەپێدان لەگەڵ ئەمەریکییەکان دروســتمان کردوو، هــاوکات نەخۆشــخانەیەکی لەدایکبوون و منداڵان لەسۆران لەسەر بودجەی پەرەپێدان دروســتکراوە و لەسەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیرانیــش هەریــەك لەنەخۆشــخانەکانی (چۆمان - بارزان — مێرگەســۆر- پیرمان) دروســتکراون، ئــەوەی دەمێنێتــەوە لەناو شــاری هەولێرە کە کەموکــوڕی لەبواری نەخۆشخانەکانمان هەیە، هەر بۆیە بڕیاردراوە نەخۆشخانەیەکی گشتی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی لەپشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا دروست بکرێت و نەخۆشخانەی ئیمیرجنسی بە١٠٠ قەرەوێڵەیی فراوان دەکرێت، هەروەها نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی ئافرەتان و منداڵان لەباداوە لەبواری جێبەجێکردندایە، هەروەها نەخۆشــخانەیەکی پسپۆریی چاوو کۆئەندامی مێشــك و دەروونــی بکرێتەوە، ئەمانەش هەمــووی لەچوارچێــوەی ئەو بەرنامانەیــە کە ئەمســاڵ کاری لەســەر دەکەیــن. چونکە لە هەقیقەتــدا کۆمەڵێك نەخۆشخانەمان پێویستە تەنانەت لەقەزاکانیش و بڕیــارە لەمەخموریش لەســەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بەغدا نەخۆشخانەیەك دروست بکرێت. ئەمساڵ وەزارەتی تەندروستی بەپێچەوانەی ســاڵی ڕابــردوو بودجەی بۆ دروســتکردنی نەخۆشــخانە لە پارێزگای هەولێــر تەرخانکردوو. لەلایەکی تریشــەوە کەموکوڕی لەسەنتەرەکانی منداڵانی ئۆتیزم و نابینایان و کەمئەندامان بەگشــتی هەیە، هەوڵ دەدەین لە ڕێگای ئەو بەرنامانەی کە وەزارەتەکان لەبەردەستیاندایە چارەسەری ئەو کەموکوڕیانەش بکرێت.

### کەمی بینایەی قوتابخانەکان

ســەبارەت بەکەرتــی پــەروەردەو گرفتی قەڵەباڵغی قوتابخانەکانیــش نەوزاد هادی پارێــزگاری هەولێــر وتــی : لــەم چەند

ساڵەی دواییدا چەندین قوتابخانە لەهەولێر دروستکرا، لەگەڵ ئەمەش دا کەموکوڕی لەمبوارەدا هەر ماوە، هەر بۆیە بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە لەهەوڵی ئەوەداین لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی ژمارەی قوتابییەکان ئەو هەڵمەتە زیاتر فراوان بکەین. لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەبواری وەرزشیش بڕیارە یاریگایەکی نێودەوڵەتی کە ٤٠ هەزار کورسی لەخۆ دەگرێت و شوێنی بۆ دیاریکراوەو لەچوارچێوەی بەرنامە و پلانی حکومەتی عیراق جێبەجێ دەکرێت، هەروەها بڕیارە شارێکی یاریگا بەشێوەی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر دروست بکرێت.

**کۆیەو مەخمور**

سەبارەت بە پڕۆژەکانی هەردوو قەزای کۆیە و مەخمور کە کۆیە ماوەی چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە سەر پارێزگای هەولێرو مەخموریش گەرچی لەسەر بودجەی

> **کەموکوڕی لەبواری ژمارەی بینایەی قوتابخانەکان هەر ماوە**

پارێزگای موسڵە، بەڵام خەڵکەکەی لەچاوەڕوانی حکومەتی هەرێمن ؛ لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر وتی : شاری کۆیەش بەگوێرەیی ژمارەی دانیشتوانەکەی لەبودجەی پەرەپێدان بەشی خۆیان وەردەگرن، لەم ماوەیەدا چەندین کارو پڕۆژە لەناو سەنتەرو سنووری کۆیە ئەنجامدراوە، تەنانەت لە تەرخانکردنی بودجە بۆ پڕۆژەکان لەگەڵ قایمقامیەت دادەنیشین و ئەولەویات بۆ ئەو پڕۆژانە دادەنێین کە بۆ خەڵکی زۆر پێویستن، بەشێکی تری پڕۆژەکانیش لەبودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت، ئالێرەدا هەوڵی ئەوەمان داوە بەشێکی زۆری ئەو پڕۆژانەی وەزارەتەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ قایمقامەکان بێت و لە پارێزگاش دیاری بکرێت، دەبێت ئەو ڕاستیەش بووترێت کەچەندین پڕۆژە لەکۆیە ئەنجامدراوە بۆ نموونە یەکێك لەزانکۆ باشەکان بونیاتنراوەو پڕۆژەی ئاویان لەدوا قۆناغەکانیدایەو جووت سایتی (هەولێر – کۆیە) بەچەند قۆناغێك لە جێبەجێکردندایە و ڕێگاوبانەکان باشتر کراون و زۆربەی گوندەکانی تۆڕی کارەبایان بۆ چووەو بەنداوی سماقوڵی وا لە جێبەجێکردندایەو بەنداوی حەماموٚك جێبەجێکراوە، لەگەڵ ئەمەش دا من دەزانم هێشتا خواست و داواکاری خەڵکی زۆر لەوە زیاترەو ئەمەش مافی خۆیانە، هەربۆیە بەردەوام دەبم لەسەر ئیشکردن لەو ناوچەیەو هەوڵی چارەسەرکردنی سەرجەم کەموکوڕیەکان دەدەین. هاوکات بۆ مەخمورو ناحیەکانیشی کارمان کردووەو لەبەرنامەماندایە کارو پڕۆژەی زیاتر لەو ناوچەیە جێبەجێ بکەین، ئەو پڕۆژانەی کە گرنگ بێت و چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە وەکو جووت سایتی نێوان (مەخمور- هەولێر)ە کە تا وێستگەی غازی هەولێر تەواو بووەو ئێستا تا چوار ڕیانی دیبەگە لەجێبەجێ کردندایە، ئەمەش بۆ خەڵکی مەخمور گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە هاتوچۆیەکی زۆری تەنکەرو لۆری بارهەڵگر لەسەر ئەم ڕێگایە هەیە، خۆشبەختانەش تۆڕی کارەبای هەرێم لەلایەن وەزارەتی کارەباوە بەمەخمور دەبەسترێتەوە، چونکە ئێستاکە کارەبایەکی زۆر کەمیان لە پارێزگای موسڵەوە بۆ دێت و بۆ ئەم مەبەستەش وێستگەیەکی گۆڕین لەناو مەخمور دروست دەکرێت، هەوڵیش دەدەین لە ڕێگای ئەو بودجەیەی کە بۆ مەخمور دادەنرێت ساڵانە پڕۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر ئەنجام بدەین. گەورەترین پڕۆژە بۆ مەخمور کە جەنابی سەرۆکی هەرێم بڕیاری لەسەر داوە و زۆر پێویست و گرنگە پڕۆژەی ئاودێرییەکەیە کە بودجەیەکی گەورەی دەوێت، بەئەنجامدانی ئەو پڕۆژە ئاودێرییە کە بڕیارە لەمەخمور ئەنجام بدرێت ئەوە ناوچەکە گەشە دەکات و ئاوەدان دەبێتەوە، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو وشکە ساڵی زیانی گەورەی بەو ناوچەیە گەیاندووەو گرفتی ئاویخواردنەوەشیان هەیە، هەر بۆیەش ئەو سنوورو ناوچە بەرفرەوانە بەتایبەتی گوندەکان بەتەواوی ئاوەدان نەبووینەوە.

> **کێرڤی خاوێنکردنەوەی شاری هەولێر بەرەو باشی دەڕوات**

**چەند پێوەرێك بۆ ئارامی پایتەخت**

پەرەپێدان و بوژانەوەی پایتەخت پێویستی بەپاراستنی ئارامی و بەرگریکردن هەیە لەسەروو ماڵی هاووڵاتیان پارێزگاری هەولێر پێی وایە گەرچی هەندێك جار لێرەو لەوێ گرفت ڕوودەدات، بەڵام توانراوە لەمبارەیەوە سەرکەوتووبن، ئەمەش بۆ ماندووبوونی دەزگا پێوەندارەکان و هاوکاری خەڵك دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە شەوانی پایتەختیش لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە چۆن هاووڵاتی و گەشتیاران تا دڕەنگانی شەو لەشوێنە گشتیەکان بە ئاسوودەیی و هێمێنی کات دەبەنەسەر، ئەمانە هەمووی پێوەرێکی باشن بۆ سەقامگیری و بەرزی توانای دەزگا پێوەندارەکان کە جێی متمانەی هاووڵاتیانەو هەماهەنگیەکی باشیان لەگەڵ خەڵکیدا هەیەو بەدەنگ داواکاری و پەیوەندییەکانیانەوە دەچن .

لەکۆتاییدا سەبارەت بەپەرەپێدانی قەڵات و دەوروبەری پارێزگاری هەولێر وتی: بۆ پەرەپێدانی قەڵات و دەوروبەری لەچوارچێوەی ئەو دیزاینەی دانراوە گەڕەکەکانی دەوروبەری وەکو گەڕەکێکی کلتووری کۆن دەمێننەوە و ئەمەش کاری زۆری دەوێت، چونکە کاری نۆژەنکردنەوەکە بەخشت و بەپێی مەرج و ڕێنماییە هونەرییەکان دەبێت، بۆ قەیسەری هەولێریش کار کراوە، هەرچەندە نۆژەنکردنەوەی دەوروبەری قەیسەری هەولێر کەمێك ڕاوەستاوە ئەمە زیاتر پێوەندی بەکاری تاقیگەیی و پشکنینی خشتەکانەوە هەیە، بۆ ناوەوەی قەیسەریش لەگەڵ تیمێکی ئەڵمانی گەیشتووینەتە ئەوەی بەماستەرپلانێك و بەشێوەیەکی ئەندازەیی نۆژەنبکرێتەوە، داوام لەئەنجومەنی وەزیرانیش کردووە ئەو خاوەن موڵکانەی گەڕەکە کۆنەکان کە ئامادە نین خانوو و موڵکەکانیان نۆژەنی بکەنەوە قەرەبوویان بدرێت و لەپاشان خانووەکان ئیستملاك بکرێت و لەو کاتەدا گرفتی کرێچی و خاوەن موڵکیش دەبێت چارەسەر بکەین، بڕیاریشە هەر لە پارێزگاوە تاوەکو وەزارەتی تەندروستی هەڵبگیرێت و بکرێتە ڕووبەری سەوزایی و باخچەو نافورەی جوان و سەردەمیانە و سەرجەم ئەو بینایانەی لەو ناوچەیە هەیە بەپارێزگاشەوە بینای نوێیان لەتەواوبووندایە و لەگەڵ تەواو بوونی بینایەکان پڕۆژەکە دەست پێ دەکات.